دەق و رەخنەی تەتبیقی

# خوێندنەوەی شیعری (زیندان)ی عەبدوڵلا پەشێو

محمد خلر مولود



دەقی شیعری (زیندان)ی عەبدوڵلا پەشێو، لە (82) دێرە شیعر پێک دێت و بەسەر (3) کۆپلەدا دابەشکراوە. هەردوو کۆپلەی یەکەم و دووەم لە (18) دێرەشیعر پێکدێت، تەواوی دێرە شیعرییەکانی دیکەی دەقەکە کەوتوونەتە نێو کۆپلەی سێیەمی قەسیدەکە، کە ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

هەردوو دەستی،
وەک یەلی شێر، بەند کرابوون،
گورگی کەڵبەو چنگ خوێناوی
لەچوار لاوە تێی ئاڵابوون
لەسووچێکیدا
زەردەشەمامەیەکی گوشراو
تووڕدرابوو
وەک نیشانەی
پرسی بوون و نەبوونی خوا
هەڵکورما بوو.

* * *

لسەرەتایەتی ...

هێشتا لەعومری خونچەگوڵدایە،

دەستنێژی خۆمە،

هەر کوردستان‌و خوای لە دڵدایە

فەریکە گەنمی قەندەهارییە،

چۆن رێژنە کوڵلە داکاتە سەری!

قەتیی چاورەشی دەشتی گەرمێنە،

چۆن سیسارک‌و قەل بینە چەمبەری!!

*　　　*　　　*

رووی کردە گورگێک، لەهەمووان بۆرتر،

تلۆکە خوێنی سەرشانەکانی

لەناو رەوەدا لەگشتیان زۆرتر!

ئکایەکم لەسەر زارە...

لەگەر بۆمی جێبەجێ بکەن،

رازی گرکان دەدرکێنم،

گەر لەمدرکاند سەرم ژێ کەن!

چەند گورگێکی هار تێی رووبوون

پەلکێشیان کرد بۆ دەرەوە.

ئێستا دوو بوون،

تەنیا خۆی‌و ئەفسەرەکە

لورکنە شان سێ پشکە خوێن لەسەرەکەی!

ئدەی، ئێستاکە هەر من‌و تۆین...

قارەمان بی یا ترسنۆک،

من نەبم کێ ئاگای لێیە؟

مخابنە تۆش بکوژرێی،

بڵێ! بزانم چیت پێیە!!

ئبەڵێ، قوربان!

لەهەر جێیەک سووتان هەبێ،
دەزانم ... کێ...
دەستە چیلەکە پێ دەکا.
ئاگام لێیە...
کێ رەشەبای زێبەڵومرێن
بۆ شارو دێ بەرێ دەکا.
بەڵام، گەورەم!
هەزار بریا دەتانزانی
خەمەکەی من چ خەمێکە!
ئەم خوشکە ئاگر پارەی من
لەگەڵ چەتان تەباو رێکە.
با هەزار جار ئەو خوشک بێ و من برایم
ترسێک هەیەو بەرم نادا...
لێ ناگەڕێ خاتر جەم و دڵنیایم...
ناهەقیش نیم...
ژین جارێکە...
گیان هەر گیانە...
من دەزانم... لێم عەیانە...
هەر ئەو رۆژەی رەها دەکرێم
چزووی تیژی دەردەکێشێ
ئەو دوو پشکە بێئامانە..
لەگەڵناندام
لە ئێستاوە هەتا ماوم
مەرج ئەمەیە
خوشکم بکوژن لەبەرچاوم...!
ئەفسەرەکە،
(ورگنە شان سێ پشکەخوێن لەسەرەکە)

چەند چرکەیەک بەجێیهێشت و گەڕایەوە...
هێندەی نەبرد
دەسرێژێک دەنگی دایەوە
زریکەیەک بازرەقەی بەست لەبڕێکا!
لخودا... ئاسمان
شەمامەکەی منیان پێکا!!
لاشەیان هێنا بەردەمی؛
قەدی داری بوڕکان لەبن
بەسەر لکە براوەکەی خۆیدا چەمی؛
تەوێلی زەردی رامووسی و هەڵسایەوە؛
راست راوەستا؛
پێی دا چەقاند وەک دار بەڕوو؛
شریخاندی:
ئێستا لە با باڵ سووکترم!
دەیمکوژن، ئەرەسینە،
قاڵبەکانی زەنگ و کەڕوو
با هەر کەسەو هی خۆی ببا
ئێوە خوێن و ئێمە ئابڕوو!!

دەقی ئەم شیعرە لە 1990/3/21 لە تەرابلوس نووسراوە، ئەمەی خوارەوەش شرۆڤەکردن و خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانەی تەتبیقی هەمەلایەنەیە بۆ دەقی شیعرەکەی شاعیر.

بەخوێندنەوەی بەردەوام و هەڵکۆڵینی دەقە شیعرییەکانی پەشێو دواتر شرۆڤەکردنی دیوی ناوەوەی تێکستە شیعرییەکان بەمەرجی (رەچاوکردنی کات و شوێنی هەڵڕشتن و داڕشتنی دەقەکان)، دەگەینە ئەو راستییە شاراوەیە، کە گەمەی شێوازو دەربڕین لای پەشێو دەوەستێتە سەر جۆری بابەت بە پلە یەک و باڵا دەستی خودی شاعیر لە گەمە کردنەکاندا بەپلە دوو. هەڵبەتە ئەوەیان دەوەستێتە سەر هونەرمەندیتی شاعیر، لە چۆنیەتی گوتن و نەگوتندا.

لەکێشەو گرفتی ئەفراندنی شیعردا (چی دەڵێ؟و چۆنی دەڵێ؟) پرۆسەی نوێکردنەوەو بابەتەکانی نوێکردنەوە دێنە گۆڕێ، کە نوێکردنەوەش لەنێو هزرو ناخی ئەوژەن بوو بەهزری سەردەمو گۆڕان و پێشڤەچوونەکان ئەنجام دەدرێت و بەهزرو زمانەوەش بە ئەنجام دەگا.. ئەوسا وەڵامی پرسیارە شاراوەکان دەدرێتەوە. هەڵبەتە ئەو پرسیارانەش هەر لەنێوان هەردوو پەیڤی (کۆن)و (نوێ) دەخولێنەوەو لەیەکتری دەکرێن.. ئەگەر (نوێ) وەک وشە پێچەوانەی وشەی (کۆن) بێت و دژە واتای یەکتری بن.. ئەوەیان مانای رەشکردنەوەو تەفروتونا کردنی (کۆن) نییە، لەلایەن (نوێ)وە، بەڵکو لەپرۆسەی نووسین و داهێناندا، بەتایبەتیش لەکاری شیعریدا (کۆن) وێنەو شێوەی خۆی پاراستووە، لەخەیاڵ و ئەو دیوی هۆشدا، لەخەون و فلاشباگی




هزردا بوونی خۆی هێشتۆتەوەو وەک بوون، بوونی ماوەو دەژی.. یا بۆ ماوەو زەمەنێک یا وەرزێک لەوەرزەکانی زەمەنە تێپەڕەوەکان سڕبووبێ و خۆی مت دابێ، لەکات و ساتی خۆیدا، بەشێوەیەک لەشێوەکان و لەزەمەنێکی دیکەدا (کۆن) ئامادە دەبێتەوەو دەبێت بە (نوێ).

بۆیە پرۆسەی نوێکاری، خوڵقاندنی دەقێکی‌ترە بەماناو شێوازی پێشترو هێنانەکایەوەی شێوازو واتای تازەیە، بۆ سەردەمی تازە.

گرەنتی پرۆسەی نوێکاری سەرکەوتوو و وەرگیراو لای خوێنەر، ئەزموونی نووسین دەیخوڵقێنن، بۆیە شاعیری ئەفرێنەری قاڵبووەوەی نێو رەهەندەکانی ئەزموونی نووسین و هەڵڕشتنی جوانییەکانی ژیان لەنێو داڕشتنی رەهەندەکانی پەیڤ و رستەو دەستەواژەدا، بێ گرفت و بەئاسانی پرۆسەکە ئەنجام دەدات.

کە کارەکە لای ئەوی ئەفرێنەر بوەستێتە سەر (زەمەن و بابەت)، ئەوسا تەواوی کەناڵەکانی هزرو خەیاڵ و ئەندێشە لەژێر کۆنترۆڵی ئەو بابەتەدا دەبن، کە دەیانەوێ بەشێوەیەک لەشێوەکان لەدایک بین، تا بین بەدەقی سەردەم و بۆ ئاییندەش شاهێد عەیانی هونەری و بابەتی دوێنێی پێش ئاییندەکە بن.

پەشێو، هەزار گوتەنی کە (شیعری جوان دەڵێ)، بەجوانی بابەتەکان دەردەبڕێت، ئەو دەربڕینانە، گەر بەزمانێکی سادە دەربڕین، واتای قووڵ و پەلوپۆداریان لەدواوەیە بۆیە گەڕان بەدوای واتا سادەکانی شیعری پەشێو وەک گەڕان بەدوای

شیعری (مانای سادەی The meaning of somplicity) ریتسۆس-ی شاعیرە. ئەوێ لەودیو مانا سادەکاندا ریتسۆس دەدۆزینەوە:

من لەو دیو شتە سادەکانم
خۆم حەشارداوە، تابم دۆزییەوە.
گەر نەتدۆزیمەوە، شتەکان
دەدۆزییەوە.

(پیتریێن)ی ڕەخنەگر بۆ دۆزینەوەی شتەکانی ریتسۆس دەڵێ: ئەم دەربڕینە سادەیە ڕێ خۆشکەرە بۆ دۆزینەوەی گرێ و گۆڵە حەشاردراوەکانی ئەو دیوی کارەکانی ریتسۆس.

پرۆسە شیعرییەکانی پەشێویش لەخوێندنەوەی دووەمین جارەی دەقەکاندا، گەڕانە بەنێو واتا و مانا شاراوەکانی نێو ڕستە ئاسان و سادەکان.. ئەو سادەو ئاسانەی وەک ناوی (نیشتمانەکەی) شاعیر سادەیە، بەڵام لەناوەڕۆکدا پڕە لەگرفت و گرێ و گۆڵەکانیش بەئاسانی ئەنجام نادێن، چونکە تێگەیشتن لەسادەیی، بەمانای ساکاری نایێت.. کەلەنێوان (سادە)و (ساکار)دا جگە لەئاستی مۆرفۆلۆجی و سینتاکسی زمان و دەربڕین، ئەوا لەئاستی وشەدا (سادەیی) لەرووی ئاوازو پەیوەندییە تەعبیرییەکانی هەموو ئاستەکانی زمان کار دەکات و لەگەڵ وشەکانی دیکەدا دەکەوێتە بەر پەیوەندیە دەلال و جوانکاری و ئیحایەکانەوە. بەڵام (ساکار) ناکەوێتە نێو ئەو پەیوەندییانە، بەڵکو بە ساکاری دەمێنێتەوە.

جالێرەوە پەیوەندییە تەعبیرییەکانی هەموو ئاستەکانی زمانی شیعری پەشێو لەگەڵ وشەکانی نێو پەیوەندییە دەلال و جوانکاری و ئیحایەکان یەکدەگرنەوە چامەی (زیندان) بەم شێوەو شێوازەی هەیە لەدایک دەبێت:

کۆپلەی یەکەمی (زیندان)، بەرایی یا دەروازەیەکی چڕۆک ئامێزی شیعرییە بۆ دەقەکە:

هەردوو دەستی،
وەک پەلی شێر، بەندکرا بوون.
گورگی کەڵبەو چنگ خوێناوی
لەچوار لاوە تێی ئالأبوون.
لەسووچێکدا

زەردە شەمامەیەکی گوشراو

توورڕ درابوو

وەک نیشانەی پرسی

بوون و نەبوونی خوا هەڵکورمابوو..

لەم بەراییە (الاستهلال) شیعرییەی دەقەکەدا، دوو وێنەی شیعری سەرنج ڕاکێشی هەست بزوێن دەبینین. وێنەی یەکەم لە دێڕی (1،2،3،4) وە پێک دێت، ئەوەی دیکەیان (5،6،7،8،9)، لەنێو هەردوو وێنەشدا دوو قارەمانی دەق، هی یەکەمیان پیاوێک بەگوێرەی وەسفە شیعرییە چڕەکە ئامێزەکە (هەردوو پەلی وەک شێر بەندکراوە، گورگی کەڵبەو چنگ خوێناوی لەچوار لاوە دەورەی لێداوە)، لەوێنەی دووەمیشدا (ئافرەتێک - زەردە شەمامە، توورڕدراوە). وشەی (لەسوورچێکدا) سەرەتای لێک جیاکردنەوەی وێنە شیعرییەکان و خاڵی دیارکردنی حاڵەتێکی دیکەی قارەمانی دووەمی دەقەکەیە.. توانا و دەسەڵاتی شیعری پەشێو لێرەدا بەڕوونی بەدیار دەکەوێ کە لەیەک کۆپلەدا ڕووداوێکی فرە قارەمان و هەمەلایەنەی وێنەداری هەست بزوێن دروست بکات و پرسێکی گەورەش لای خوێنەر بوروژێنێ.

ئەو پرۆسە کە هەر لەنێو هەمان کۆپلە دایە لە دێڕی (8،9)دا بەم شێوەیە سەری هەڵداوە:

وەک نیشانەی پرسی

بوون و نەبوونی خوا هەڵکورما بوو..

لێرەدا حاڵەتی هەڵچوون و توورەبوونی شاعیر بەرامبەر ڕووداو دەخوێنینەوە.. هەڵچوون لەئەنجامی ڕووداوێکی گەورە، هەڵچوونێکی گەورە و بەگژداچوونێکی گەورەی لێ کەوتۆتەوە.. کە بەگژداچوونی حەقیقەتێکی گەورەی ئەزەلییە و لەهەمیشەییدایە، بۆیە (هەڵکورمان بەرامبەر پرسی هەبوون و نەبوون)ە. لەکۆپلەی دووەمی شیعرەکەدا شاعیر دێتە سەر وەسفکردنی قارەمانە سەرەکییەکەی (ئافرەتەکە - زەردەشەمامەکە) و بەم جۆرە پێمانی دەناسێنێت و وای وەسف دەکات (لەعومری خونچەگوڵدایە، ◄— (منداڵەو لەسەرەتای تەمەن دایە)، دەسنێژی خۆمە، ◄— (خوشک و براین، لەیەک دایک و باوکین، خاوەن یەک ڕێباز و سەر بەیەک تەریقەتی کوردایەتین، هەر کوردستان و خوای لەدڵدایە، ◄— نیشتمانپەروەرێکی بەباوەڕی خواناسی (حەقیقەت) دارە، فەریکەکەنی قەندەهارییە، قەتێی چاورەشی

دەشتی گەرمێنە، ← کچێکی جوانکیلەی ناسکی چاو رەشی بەژن زراڤە چونکە (فەریکە گەنمو قەتێی چاورەش) ئیماو دەلال ئەو وەسفەن.

ترسی گەورەش لەدڵیا ئەوەیە کە (رێژنەی کوڵلە داکەنە سەری‌و سیسارک‌و قەل ببنە چەمبەری)و ململانێکە بەو شێوەیە بکەوێتەوەو ئەویش (قارەمانە پیاوەکە) هیچ دەسەڵاتی نەبێ:

فەریکەگەنم ← کوڵلە بەرێژنە داکەنە سەری
قەتێی چاورەش ← سیسارک‌و قەل لە دەوریا باز نەبەستن‌و کەسێکیش نەبێ چەپارەی بدات.

ئەم رووداوە کە لەدێڕی (12-18) کۆپلەی دووەمی شیعرەکە دەست پێ دەکات، خاڵی سەرەتای سەرهەڵدانی رووداوی نێو دەقەکەیە بەخاڵی دەستپێکردنی هێڵی درامی دەقەکە دادەنرێت. کەپلەی سەرهەڵدانی ململانێی دەقەکەیەو لەوێوە هێڵە دراميیەکەی دەقەکە بەرزدەبێتەوە. (سەیری نەخشەی درامی دەقەکە بکە) لەنێو گەرمە گەرمی ململانێ کەدا کاتێ شاعیر دەڵێ:

تکایەکم لەسەر زارە
بۆمی جێبەجێ بکەن
رازی گرکان دەدرکێنم
گەر نەمدرکاند، سەرم ژێ کەن!

هێڵە درامییەکەی دەقەکە دەگاتە پلەی یەکەمی بەرزبوونەوە.. چونکە ئەم دانپیانانەو ئەم درکاندنی (رازی گرکانە)، خوێنەر تووشی حاڵەتێک دەکات‌و تووشی پرسیاری دەکات لەو پرسیارانەشدا تا رادەیێ گومان لە قارەمانییەتی قارەمانەکە دەکات. ئەو گومانەش وردە وردە شوێن پێی خۆی لای خوێنەر خۆش دەکات.. بەڵام کاتێ شاعیر بەمەرج لەگەڵ ئەفسەرو گورگەکان دەدوێ‌و دەڵێ:

مەرج ئەمەیە
خوشکم بکوژن لەبەر چاوم.

پلە بەپلە هێڵی درامی ڕووداوی دەقەکە بەرز دەبێتەوەو خوێنەر بەپەرۆشەوەی دەگەڕێتەوە بەرایی دەق و جارێکی دیکە ووردترو بەدیقەتر دەقەکە دەخوێنێتەوە.. لەو خوێندنەوەیەشدا هەڵوەستەیەک دەکات و بەدوای وەڵامی پرسیارەکان دا دەگەڕێت.. لەم گەڕانەدا جوانییەکانی پەشێوی بۆ دەردەکەوێت و باشتر هونەرکاری شاعیری بۆ ڕوون دەبێتەوە، چونکە شاعیر (پەشێو) لێرەدا لە کەسێتیەک رادەکاو بەرەو شێوەو شێوازی خۆی دەچێ، بە واتایەکی دیکە بە شێوازی خۆی، کەسێک دەکاتە قوربانی تا بە مرازی خۆی بگات.. بە قوربانی کردنی ئەو کەسەش گەیشتنە بە سەرکەوتن...نەک ژێردەستەیی و چاوشۆڕ بوون.. هەر لەئاستی بەرزبوونەوەی هێڵی درامی دەقی (زیندان)دا لەدێڕی:

هێندەی نەبرد
دەسرێژێک دەنگی دایەوە
زریکەیەک بازرەڵەی بەست لەپرێکا:
خودا .. ئاسمان،
شەمامەکەی منیان پێکا!!

لەم چەند دەستەواژەی ئەم دێڕانەدا (دەستڕێژێک دەنگیدایەوە.. شەمامەکەی منیان پێکا) پلەی دووەمی حاڵەتی بەرزبوونەوەی هێڵی درامی دەقەکە دەست پێ دەکات، تا دەگاتە پلەی سێیەم، کەگەیشتنە ترۆپکی درامی دەقەکەیە یا لوتکەی مەبەستی شیعری وەک (صلاح عبد الصبور)ی شاعیر وای ناو دەبات، بەچەندین هەڵچوون و هەڵکشان و داکشانی نێو ناخدا تێدەپەڕێت.. ئەم حاڵەتانە لە قارەمانی دووەم (پیاوەکە) بەرامبەر جەستەی قارەمانی یەکەم (ئافرەتەکە) ڕوودەدات، حاڵەتەکانیش ماچکردنی سەرکەوتنە، چونکە راموسانی تەوێڵی زەردی ئافرەتەکەیە ئەوەشیان سەرەتای سەرهەڵدانی حاڵەتی هەرە گەورەی گەیشتن بەئازادی و ئەو سەرکەوتنە مەزنەیە کە شاعیر دەیەوێت..

گەیشتنە پلەی سێیەمی دەقەکە، گەیشتنە مەبەستی شیعرییە.. ئەم (5) دێڕە شیعرەی کۆتایی دەقەکە پلەی سێیەمی هێڵی درامی دەقەکەی (زیندان) دەستنیشان دەکات:

ئێستا لە با باڵ سووکترم
دەبمکوژن ئەرەسینە

قاڵبەکانی ژەنگ و کەڕوو
با هەر کەسەو هی خۆی بیا
ئێوە خوێن وێنەی ئابڕوو!




بۆیە نەخشەی درامی دەقی (زیندان) بە گشتی بەم جۆرە بونیات نراوە:
لە بونیادی ئەم نەخشەیەدا:
پ1/ واتە پلەی یەکەمی حاڵەتی بەرزبوونەوەی هێڵی درامی دەقەکە، کە حاڵەتی دانپیانانە بەمەبەستی دەربازبوون و ڕزگارکردنی ئابڕووی خوشکی (زەردەشەمامە)کەی نێو دەق.
پ2/ واتە پلەی دووەمی حاڵەتی بەرزبوونەوەی هێڵی درامی دەقەکە، کە حاڵەتی لەسێدارەدانی ئافرەتەکەیە.

پ3/ واتە پلەی سێیەمی حاڵەتی بەرزبوونەوەی هێڵی درامی دەقەکە، لەم پلەیەدا مەبەست و ناوەرۆکی شیعری شاعیر خۆی بەدەستەوەدەدات، کە ترۆپکی مەبەستی شیعرییە.

## رووداو هونەرکاری دەق

رووداو کەلەنێو (زیندان)دا، کە ناونیشانی دەقە شیعرییەکەی پەشێوە، بەرامبەر گیراو بەندکراوان بەهۆی ئەفسەرو گورگەکانی چەنگ بەخوێن رووئەدەن.

لەم دەقە شیعرییەدا پەشێو هونەرمەندانەو کارامەو شارەزایانە ئەدوێت زمانی ئەو جگە لەوەی زمانێکی رەوانی بێگرێیە، زمانێکە پڕاو پڕە لە وێنەی هەست بزوێن و سەرنج راکێش، کە ئەکرێ بڵێین پەشێو یەکێکە لەو شاعیرانەی هاوچەرخ کەبەوێنەی شیعری ئەدوێت:

با پێکەوە دیقەت لەم وێنە شیعرییانەی نێو دەقی (زیندان) بدەین:

روو ی کردە گورگێک، لەهەمووان بۆرتر
تنۆکە خوێنی سەر شانەکانی
لەناو رەوەدا لەگشتیان زۆرتر

لەواتەی ئەم وێنە وەسفیەدا، وەسفی (ئەفسەرێکی ئەمن)ە، لەنێو پیاوانی خۆیدا..

*اورگنە شان سێ پشکەخوێن لەسەرەکەا.

لەواتای ئەم وێنە شیعرییەشدا، ئەم ئیحاو دەلالەتانە وەرئەگرین:

یەکەم: ئەفسەرێکی سێ ئەستێرە لەشانە.

دووەم: چواندنی ئەستێرەی سەرشان بە پشکە خوێن، بەواتا و دەلالەتی زوڵم و ستەم کردن و کوشتن و برین دێت.

خۆ ئەست و پێوەندی ئەفسەرەکانیش کە بە (گورگ) دەچوێنێت. گورگیش وەک درندەیەکی خوێنرێژ کە بە گەلە پەلاماری مەرومالآت و گیانلەبەری بێ دەسەلآت ئەدەن. کەلبەو چنگیان خوێناوی دەبن و خوێنی لێ ئەتکێ..

وێڕای ئازاردانی جەستەو خوێنڕژانی جەستە لە کاتی ئازاردانی گیراوە سیاسیەکانە، نە تکانی ئابڕووش بۆ ئافرەتە گیراوەکە تکانی خوێنی (دامێن) رووسووری و رووسپیاتی و سەربەرزییە. جا پاراستنی رووسووری و سەربەرزی ئافرەتەکە، پاراستنی ئازادی و سەربەستی دۆزو کێشە رەواکەی بەندکراوەکانە (ئافرەت و پیاوە) زیندانییەکان..

لە دێرزەمانیشەوە بۆ ململانێی سیاسی و چینایەتیش، پڕدانە جەستەی ئافرەتیش شێوەیەک لە شێوەی هێرش و پلانی باڵادەست و هێرشبەران بووە، چونکە (ئافرەت و جەستە)ی کە بە خاک و نیشتمان دانراون بوونەتە رەمز. پڕدانە

ئافرەت و لەکەدار کردنی ئابڕووی بە داگیر کردنی (دامێن)ی یەکێک لەو ئامانجانەی داگیرکەران بووە، بواری ئەدەب و ئەفراندنیش ئەم لایەنەی جەستەی ئافرەتی لە دەقە ئەدەبییەکاندا بۆ ئەو ململانێ سیاسی و چینایەتییانە گواستۆتەوە، گواستنەوەیەك لای هەر یەکە لە (د. هـ. لۆرنس)ی ڕۆماننووسی ئینگلیزی و بە تایبەتیش لە ڕۆمانی (عشیقە لیدی شاترلی) و لای (نەجیب مەحفوز)ی ڕۆماننووسی میسری و لە ڕۆمانەکانی (بین القصرین، اولاد حارتنا، السکریة، حب تحت المطر...) و لەم دەقە شیعرەی (عەبدوڵڵا پەشێو)دا بە جۆرێکن لێك جیان...بۆ نموونە لای (لۆرنس و نەجیب مەحفوز) پرۆسەی سێکسی نێوان پیاوەکانیان (قارەمانەکان) لەگەڵ ژنە باڵادەستەکانی نێو کۆشك و ڤێلاکان تۆڵە سەندنەوەی شاکێکی چینی هەژارو کرێکارانە لە سەرمایەدارو بەرپرسانی سەربازی و عومدەو دەرەبەگەکان، ئەم تۆڵە سەندنەوەیەی ئەو چەوسانەوە مێژووییانەیە بە داگیرکردنی جەستەو دامێنی رابواردن لەگەڵ ژنانی سەرمایەدارو باڵادەستان، لەوێ لای (مەحفوزو لۆرنس) دێتەدی و بەو شێوەیە دەبیترێن.

کەچی لای پەشێوی خۆمان پرۆسەی داگیر کردنی خاکی نیشتمان لەلایەن داگیرکەران وەك قۆناغی دووەم لای داگیرکەران بە داگیرکردنی (دامێنی ئافرەت) لە دەقە شیعرییەکەشدا (زیندانی)یەو لە پەلوپۆ کەوتووە تەواو دەبێ، بۆیە هەموو مەبەستی قارەمانەکە (پیاوەکەی نێو دەقەکە) ڕزگار کردنی ئابڕوو بە پاك و خاوێن هێشتنەوەی جەستەی کچۆڵە قارەمانەکەیە، بۆیە تێگەیشتنەکە لای (پەشێو) جیایە لەگەڵ تێگەیشتنەکەی (نەجیب مەحفوز)و (د. هـ. لۆرنس).

ئەم دەقە شیعرییە (زیندان) کەلە 82 دێرە شیعر پێك دێت یەکێکە لەو چیرۆکە شیعرییانەی سەردەم، بەدەقێکی سەرکەوتووی بواری چیرۆکەشیعر دادەنرێت، بۆ پەشێوی شاعیریش دەچێتە نێو ئەزموونەکانی شیعر نووسینی خۆی بەتایبەتیش لەبواری شیعری درامیدا.. بۆیە (زیندان) چیرۆکە شیعرێکی درامی سەرکەوتووی مەبەستدارو ئیما بەخشەو دەست ڕەنگینی ونەفراندنی پەشێویش بە دەقەکەیە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

یەکەم: قارەمانەکان (پیاو و ئافرەتە) زیندانییەکە، لەگەڵ ئەفسەرو گورگەکان سیفات و کردەوەیان ڕوون و ئاشکرا دیارە..

دووەم: هونەرەکانی دەربڕین لەچیرۆك دا، یا شێوازەکانی دەربڕین، دیالۆگ و مەنەلۆگ (دواندن و خۆدواندن) لەدەقەکەدا و لە شوێنی شیاو لەکاتی شیاودا بەکارهاتوون.

سێیەم: هێڵی درامی دەقەکە، ڕووداوی نێو چیرۆکە شیعرییەکە لەخاڵی سفرەوە بەرزدەبێتەوەو لەگەڵ هەڵپسانی ڕووداو دێتەپێش تادەگات بە لوتکەی مەبەستی شیعری..

ئەم خوێندنەوەیە، سەرەتایەکە بۆ دامەزراندنی خوێندنەوەی شیعری نوێ و ئاخاوتن و قسە کردن لەسەر تێکستی شیعری جوان، ئەو شیعرانەی ڕوون لەبیر

کردنـــەوەو دەربڕینـــدا، ڕەوانـــن لـــە زمـــانداو لـــە هـــزرو مانـــادا پڕشـــنگدارن‌و تایبەتمەندیـەتی خۆیـان هەیـەو نەبیسـتمی بـاوو بـڵاوی نێـو ڕۆشـنبیری باڵادەسـتی دەسـەڵاتەکان‌و بێ هۆ ڕاست‌و چەپ دەسڕێنەوەو جوان‌و ناشیرین تێکەڵ دەکـات. لـە ئـەنجامدا هـەموو ئاڵۆزییـەک بـە مـەزنی‌و گـەورەیی‌و هـەموو سـادەییەک بـە سـاکاری دەبینـن...کـەچی ئـەم خوێندنـەوە ڕەخنەییـە، لێدوانێکـی سـەردەمانەیە بـۆ ئـەو بابەتانـەی کـەمتر ئاخاوتنیـان لەسـەر کـراوە. دەقـە شـیعرییەکانی (ئەگـەر ئـەمجارە بێنـەوە، شـەواتی کـەندال، بـۆ مۆنیکـاو، ڕۆژبـاش، سـەربازی ون، ژن، 12 وانەو...هتد). شیعرییەتی شاعیرن‌و چاوەڕوانی خوێنەرێکی زیرەک‌و ڕەخنەگرن، تـا وێنـە بـۆ ماناکـان... زمـانێک بـۆ دەرهاوێشـتەکانی هـزرو نـاخی شـاعیر بدۆزنـەوە...ئەوسـا باشـتر لامان ڕوون‌و ئاشکرا دەبێ، کـە ئـەو ئاشکرا گۆییـەی کـە پەشێو بە شیعر دەریبڕیوە وەک گشتە لە بەشێک ئەو دەقە شیعرییانەی ئەو ئەوەندە ڕاستگۆی نێـو نـاخی هونەرمـەندن لـە دەقێکـی بـە خودکـراو دەبنـە ژوانگەیـەکی ڕازاوەی زمان‌و دەسـەڵاتی شـیعری، بـەرەو ئـەو خوێندنەوەیـە بـەرەو ئـەو مەعریفەیـەی شیعری .ئەوسا جوانییەکانی سادە، مانای مەزنی شاراوەو واتـای دیکـە دەبەخشـن.

## سەرچاوەکان:


1- بـەرەو زەردەپـەڕ، شـیعری عـەبدوڵڵا پەشـێو، سـوید 2001 لاپـەڕە (28-33).

2- سـەروا، لێکۆڵینەوەیـەکی شیکاریی بـەراوردە لـە شـیعری کوردیـدا. عـەزیز گـەردی، هـەولێر 1999.

3- بیـتر بـین، مدخـل الى: کافـافی، کـازانتزاکیس، ریتسـوس، ترجمـة: سـعاد فرکـوح، عمـان، 1985.

4- طبیعـة الشـعر .هربـرت رید، ترجمـة: د. عیسـى العـاکوب. دمشـق 1997.


### سەرنج :

(•) ئـەم بابەتـە بەشـێکە لەباسـی (پرۆسـەی نوێکـاری‌و ئـەفراندن لەشـیعرەکانی عـەبدوڵڵا پەشـێو)دا، کـە یـەکێتی نووسـەرانی کـورد- لقـی هـەولێر لـە کۆڕێکـی ئـەدەبی لـە وەرزی ڕۆشـنبیری خۆیـدا لـە ڕۆژی 2002/6/6 دا بـۆ نووسـەری سـازدابوو.